# ڕوسیا ماڵئاوایی لە شاعیرە گەورەکەی سێرگی میخالکۆف دەکات

نووسینی: عمادالدین رائف
وەرگێڕانی: هەورامان وریا قانع



پایتەختی ڕوسیا ئەمڕۆ (هەینی)، ماڵئاوایی لە "سێرگی میخالکۆف" کردو سپاردییە دوواهەمین مەنزڵگەی. "سێرگی میخالکۆف" یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبی ڕوسی لە سەدەی بیستەمداو شاعیری گەورەی ڕوسیایە، دانەری هەردوو سروودی نیشتیمانی یەکێتی سۆڤیەتو ڕوسیایە، وەرگێڕو ئاوازدانەری سروودی ئەنترناسیۆنالە لەیەکێتی سۆڤیەتی جاراندا، ماڵێکت نەدەبینی کتێبی ئەوی تێدانەبێت، زۆر بەدەگمەن کەسێکت دەدۆزییەوە هەندێ لە شیعرەکانی ئەوی لەبەرنەبێت.

سەرۆک "دیمتری میدفیدیف"و سەرۆک وەزیران "فلادیمێر پوتین" هەردووکیان، بەهۆی کۆچی دوایی خوالێخۆشبووی هەموو ڕوسیا، سەرەخۆشی خۆیان لە هاوسەری شاعیری کۆچکردوو، لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی "نیکیتا میخالکۆف" کە دەرهێنەرێکی سینەمایی ناودارو سەرۆکی یەکێتی سیناماکارانی ڕوسیایە، "ئەندرێ میخالکۆف" کە بەرهەمهێنێکی سینەماییە، کرد. ئەم خوالێخۆشبووە مەزنە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ئابی ساڵی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. زۆربەی ژیانی ڕووناکی خرابووەسەر، لە یەک دەوڵەتدا چەندین قۆناغی جیاواز جیاوازی لە حوکمکردنی یەک لەدوا یەکدا بینیوەو لە هەر قۆناغێکیشدا پێگەیەکی شیعریی پێشەنگی بۆخۆی بەدەستهێناوە.

"میخالکۆف" لە ساڵی ١٩١٣ لەدایکبووە، واتە چوار ساڵ بەر لە شۆڕشی بەلشەفیک، دەڵێن لە تەمەنی چوار ساڵیدا دەستیکردووە بە نووسینو سەلامێکی قافییەداری ئاراستەی باوکی کردووە. لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سۆڤیەت، دەستیانکردووە بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی. لە ناودارترین بەرهەمەکان، کۆمەڵە شیعرێکە تایبەتە بە منداڵ، تا ئێستاش بەرهەمەکانی کە بۆ منداڵی نووسیوە، لە روسیاو لە هەندێ لە جمهورییەتە کۆنەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لە

هەموو ئەو کتێبانەی دیکە ڕەواجی زۆرترە کە بۆ منداڵ نووسراون. تا ئێستاش کتێبەکانی قوتابخانە، پڕن لەو شیعرانەی "میخالکۆف" کە بە ئاسانی لەبەردەکرێن. "میخالکۆف" لەکاتی ڕێزلێنانی لە کرێملین، لە تەنیشت "پۆتین"ەوە دانیشت، ئەمە وایکرد سەرۆک وەزیران هەستو سۆزی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵییو شیعرە سەرەتاکانی خستەوە بیری شاعیری گەورە.

**دواهەمین دەرکەوتن**

"میخالکۆف" دوای ئەوەی خەڵاتی قەدیس "ئەندۆراس"ی وەرگرت، ئەم خەڵاتە بەرزترین خەڵاتە لە روسیای فیدڕالیدا، لەم ساڵداو لە پاریس، بۆ دواهەمینجار خۆی پیشانی جەماوەرە زۆرو زەوەندەکەیدا، گەرچی دەنگی دەلەرزیو برینی تێدەکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەم بەخەندەو خەیاڵاوییو ژیان دۆست دەرکەوت. وەڵامی پرسیاری ئەوەی دەدایەوە کە چۆن توانیویەتی لەنێوان قۆناغە جیاوازو ناکۆکەکانی مێژووی ڕوسیادا، سەرکەوتوبێت، چۆن قۆناغی بەلشەفیکو بونیاتنانی دەوڵەتی سۆڤیەتی ژیاوە، پاشان هەرەسهێنانی سۆڤیەتو دروستبونی ڕوسیای فیدڕاڵی تازە؟

"میخالکۆف" خەندەیەک دەکەوێتە ڕوخساریو دەڵێ: بە هەموو ئەو قۆناغانەدا تێپەڕیوم، ڕاستە ناولێنانەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتو بۆ هەموو قۆناغێک سروودێکم داناوە، بەڵام بۆ نمونە ڕووباری (فۆلگا) لە هەموو قۆناغەکاندا وەک خۆی مایەوە.

"میخالکۆف"سەبارەت بە ژیانە دوورودرێژەکەیو سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ نیشتمان قسەیکرد، هەروەها قسەی دەربارەی ئازادی کرد کە لە دوتوێی شیعرە ئاسانەکانیدا باسی لێوە کردووە، تا ئەو کاتەی خۆی تەسلیمی فەرمانی خوا کردووە، لەمبارەیەوە دەڵێ: (گەر دەتەوێت خواکەت پێبکەنێت، ئەوا پلانەکانی خۆتی سەبارەت بە ژیان پێبڵێ، من پلان بۆ ژیانم دانانێم، بگرە ڕۆژانە دەژیم، بەو شێوەیەش دەژیم کە خۆم دەمەوێت، ئەوە یەزدانە لەم ژیانەدا هەنگاوەکانم بۆ دەستنیشان دەکات). لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێ: (گەر دەتەوێت بە مورتاحی بخەویت، ویژدانت بە کۆمەڵێ مەسەلە سەرقاڵمەکەو لەگەڵ خۆتدا مەیبە بۆ سەر جێگەی نووستنەکەت، من ویژدانم ئاسودەیەو بە ئاسودەییش دەنووم).

بەم شێوەیەو دوای پێنج مانگ لە دواهەمین دەرکەوتنی، هاوڕێیانیو خۆشەویستانی، هیچیان نییە بیڵێن ئەمە نەبێت: (ئەمڕۆ، سێرگی میخالکۆف نووست).

**سەرچاوە:** ایلاف، هەینی، ٢٨ی ئابی ٢٠٠٩

